# حوکمی کرداری خۆتەقاندنەوە

## هۆکارەکانی ئیرهاب

د. محمد گەزنەیی

١٤٢٤ك - ٢٠٠٤ز

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب : حوکمی کرداری خۆ تەقاندنەوەو
هۆکارەکانی ئیرهاب
دانـــــەر : دکتۆر محمد گەزنەیی
ژمارەی سپاردن: ١٧٩ ساڵی ٢٠٠٤
چاپی یەکەم ، ساڵی ١٤٢٥ك - ٢٠٠٤ز

مافی چاپ پارێزراوە بۆ دانەر

# حوکمی کرداری خۆتەقاندنەوە و هۆکارەکانی ئیرهاب

د. محمد گەزنەیی

١٤٢٤ ك – ٢٠٠٤ ز

## پێشەکی:

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار، دروودو سەلام لە سەر پێغەمبەری نازدار، ڕەزامەندی خوا لەسەر خزم و یار.

حەزدەکەم سەرەخۆشی لە کەس و کاری قوربانیانی جەژنی قوربانی ڕەشپۆشی شاری هەولێر بکەم و دوعای شیفا بۆ بریندااران بکەم، بە تایبەتی جەنابی (مەلا عبداللە ی پەلپیتانی) مزگەفتی سپی کە شهید بوو لەو کارەساتە. هەروەها حەزدەکەم یادی شەهیدانی دەستی تیرۆری یەکێتی زانایانی ئایینی هەولێر بکەمەوە، ئەوانیش (مەلا عبدالرحمن همزە کۆر)ی مزگەفتی شێخ ئالا و(مەلا عبدالرحمن میرزا رۆستمی) مزگەفتی عومەری کوڕی خەتابە.

حەزدەکەم بزانن ئەو سێ زانایانە هەرسێکیان لە مەلا چاکەکانی هەولێر بوون، هەموویان ئەندامی دەستەی بالا بوون لەیەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، و هەرسێکیان بەدەستی تیرۆرستان شەهید کران.

# ئیرهاب و هۆکارەکانی ئیرهاب[١]

حەزدەکەم لەو باسە پێناسەی ئیرهاب بکەم بە گێرەی زانیاری خۆم، و هۆکارەکانی دەستنیێشان بکەم، و چۆن بەرگری لە خۆمان بکەین و کوردستان بپارێزین لە ئیرهاب و تیرۆرستان، لەسەر رۆشنایی ئەوکارەساتەی بە سەر هەولێریان هینا لە رۆژی گێژنەی قوربانی رەشپۆش.

## یەکەم پێناسەی ئیرهاب:-

بریتیە لەو کردەوە ترسناکانەی خەڵك دەتوقێنن کە ئامانجەکەی نارەوا بێ، یا چەك بە نارەوایی بەکاربینن، چونکە دەست لە کەس ناپارێزی و هەرکەس بکەوتە بەردەست دەیکوژی و هەرشتێك بکەوتە بەردەست کاولی دەکات.

## هۆکارەکان:

ئایە بیری ئیسلام ئەو جۆرە کەسە درندانە درووست دەکات، هەروەکو هەندێ کەس بیردەکەنەوە، یا شتێکی ترە ئەو جۆرە کەسانە دروست دەکات؟

هەمووومان دەزانین ئایینی ئیسلام لەو جۆرە ئایینانەیە کەدونیاو

---

(١) ئەو باسە خوێندرایەوە لە سیمینارێکی سەنتەری توێژینەوەی تاوانکاری کۆمەلایەتی، لە رۆژی سێشەم ١٧/٢/٢٠٠٤.

قیامەت لەگەڵ یەکتر کۆ دەکاتــەوە، کەواتــە هــەروەکو عــەقیدەی تێدایە ئەحکامی حوکمڕانێشی تێدایە، هــەروکو ئــایینی جولەکــەو ئایینی کۆنفۆشیۆسی، یانی فیکرەی حوکمڕانی هەیــە، وەکــو هــەر فیکرە دونیایەکانی هەوڵدەدەن بــۆ دامــەزراندانی دەوڵــەت، و ئــەو جۆرە فیکرانە هەموویان هەوڵدەدەن خەڵك پەروەردە بکەن لە ســەر ئەوەی کەقوربانی بە ژیــانی خــۆی بــدات لــە پێنــاو دامــەزراندنی دەوڵەت، و لە پێناو بەرگری کردن لەو دەوڵەتە، هــەروەها فیکــرەی شیوعی و فیکرەی قەومی و فیکــرەی نیشــتمان پــەروەری، خــەڵك پەروەردە دەکات بۆ خۆ بەکوشتندان لە پێنــاو ئامانجەکــەی خــۆی. چونکە هەر نەتەوەیێك ئەندامەکانی ئامادە نەبن بۆ خۆ بەکوشتندان لە پێناو سەربەخۆیی خۆیان قەت ناگەن بە سەربەخۆیی، بەڵکو هەر لەژێردەستی و چەوسانەوە دەمینێنەوە.

کەواتە ئەو جــۆرە ئامادەییــە بــۆ خــۆ بــە کوشــتندان، شــتێکی سروشتیە بۆ مانەوەی هەستی ئــایینی وهەســتی نەتــەوەیی، و بــە ئیرهابیش داناندرێ، چونکــە ئامانجەکــەی ڕەوایــە، بــەو مەرجــەی شەڕکەر پابەند بی بــە داب‌و نــەریتی شــەڕکردن، و داب‌و نــەریتی سەرەتایی ئەوەیە کەژن‌و منداڵ نەکوژن‌و هەروەها دەست بپارێزن لە خەڵکی بێ چەك‌و بێ تاوان. کەواتــە بیرۆکــەی ڕەشــکوژی‌و تونــدو تیــژی لــە فیکــری ئیســلامی نییــە، چونکــە هــەمووومان دەزانــین پێغەمبەر (ﷺ) خۆی تووڕە نەکرد لە عەمماری کوڕی یاسر لــەوکاتی

کوفری کردبوو بۆ ئەوەی قوریشیەکان نەیکوژن. کەواتە ئیرهاب لە کوێ هاتووە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، من وا دەزانم کۆمەڵێك هۆکار هەیە:

١- هەندێك لە عەرەبەکان بیری نەتەوەیی تەسكو بیری ئیسلامیان تێکەڵ کردیە، ئەویش لەوانەیە کاریگەری فیکرەی جوولەکە بی، چونکە درێژ بوونەوەی شەڕی عەرەبو جوو، وای لەعەرەبەکان کرد لە خۆیان بپرسن بۆ بە جوو ناوەستن، نهێنی هێزی جوو چیە، تا گەیشتن بەو قەناعەتە، فیکری نەتەوەیان تێکەڵاو کردیە لەگەڵ فیکری ئاینی بە جۆرێك کە ئاینەکەیان بویتە ئاینێکی نەتەوەیی. جا عەرەبەکانیش دەیانەوێ بەهەمان جۆرە چەك خۆیان چەکدار بکەن، ئەو جۆرە تێکەڵاو کردنە لەگەڵ ئاینی ئیسلام ناگونجێ چونکە ئاینێکی ئومەمییە، و لەهەمان کات بەو شێوازە ئاژاوە لە نێوان موسڵمانان دروست دەبی، چونکە ئەو جۆرە نەتەوەیە هەر خۆی پێ موسڵمانی ڕاستەقینەیە، لەوانەیە ئەو جۆرە بیرکردنەوە هۆکاری سەرەکی بی لە کوشتنی کورد بە ناوی ئەنفال.

٢- زوڵم و زۆرداری حوکمڕانان: ئەگەر حوکمڕانی هەر نەتەوەیەك دەستیان کرد بە لا لایانیو نەتەوەیان کرد بە دوو بەش، بەشێك بو بە حیزبی خۆیانو هەموو خێرو بێری مەملەکەتیان خواردو، بەشێکی تر بە نەیارو دوژمن داندراو مەحروم کرا لە خێرو بێری مەملەکەت، ئەو بەشە مەحروومە ژیانەکەی تاڵ دەبیو دەبێتە

دۆزەخ، کەواتە تا زووتر بمری‌و بچیت بۆ بەهەشت بە لایەوە باشترە، بۆیە توندو تیژ دەبی.

٣- نەبوونی‌و بێکاری: ئەوکەسانەی لە ژیان بێ ئومێد دەبن‌و، هەست دەکەن بە حەیاتیان ناتوانن ماڵ‌و خێزان دروست بکەن بۆخۆیان، لەژیان وەرس دەبن، بە ئاسانی واز لە ژیان دێنن‌و دەبن بەخۆراکی ئەفکاری توندو تیژی تیرۆرستان.

کەواتە هەمو بارودۆخێکی ناهەموارو ناخۆش، کە ببێتە هۆی لە ژیان وەرس بوون، زەمینە خۆش دەکات بۆ قەبوول کردنی ئەفکاری ئیرهابی.

## چارەسەرکردنی ئیرهاب لەکوردستان:

هەموومان دەزانین کە ئیرهاب لە دەرەوە بۆ کوردستان دێ، بەڵام لە هەمان کات دەسکێشی هەیە لە ناوەوە چاوساغیان بۆ دەکات‌و ڕێ‌و شوێنیان پێ نیشان دەدات. کەواتە پێویستیمان بە چارەسەرکردنی هەردوو لا هەیە، و هەر یەکە بە جۆرێك چارەسەر دەکرێن.

## چارەی ئیرهابی دەرەکی:

بەوە دەکرێ کە کورد لە کوردستانی عیراق حکومەتێکی بەهێزی هەبێ‌و ئاسایشێکی چاوکراوەو بەتوانای هەبێ، بتوانی خۆی سنووری کوردستان کۆنترۆل بکات، نەك پشت ببەستی لە سەر

کۆنترۆلی ئەمەریکیەکان، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە حکومەتە درووست بکەین، پێویستە بە زووترین کات ئینتیخابات لەکوردستان بکرێو، پەرلەمانو حکومەتێکی وای لێ دروست بی دەسەلاتی لە سەرەوەی دەسەلاتی حیزبیەکان بی، ئەویش بەوە دەکرێ کە ئەو کەسانەی خاوەن قەرارن لە حیزبەکان خۆیان بچنە ناو ئەنجومەنی وەزیران، نەك خەلکی پلە دوو و سێ لە ئەنجومەنی وەزیران بن، خۆشیان لە دەرەوە ئەمریان پێ بکەن ئەو قەرارە بدەن، یان ئەو قەرارە مەدەن، چونکە واقیعی عەمەلی شتێکە، و نەزەریاتی حیزبی شتێکی ترە.

هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین ئینتخاب بکەینو ئەو جۆرە حکومەتە درووست بکەین، دەبی بە زووترین کات کوردستان بکرێ بەیەك ئیدارە.

هەروەها پێویستە هاوپەیمانی لەگەل ئەمەریکا بەهێز بکرێ، سوود لە خیبرەو تەکنەلۆجیای ئەمەریکا وەربگیرێ لەو بوارە، چونکە کورد دوژمنەکانی بەهێزترن ناتوانی بەتەنها بەرامبەریان بوەستی.

هەروەها بەقەناعەتی من کورد ناتوانی لە هاوپەیمانیەتی ئەمەریکاو، هەبوونی حکومەتێکی بەهێز پاشگەز بێتەوە، چونکە پاشگەزبوونەوە، یانی خۆ تەسلیم کردن بە نەتەوەکانی دراوسێ، ئەویش یانی قڕ کردنی میللەتی کوردو ئەنفالو کیمیابارانو دەربەدەرکردن.

هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمەریکا، مەعنای وا نیە کە کورد لە بەرژەوەندیو تایبەتمەندی خۆی تەنازول بکات، چونکە ئامانجی بنەڕەتی کورد لەو هاوپەیمانیە پاراستنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کوردستانەو شادبوونی گەلی کوردە بەمافە ڕەواکانی.

## چارە کردنی دەست کێشەکانی ناو کوردستان

هێزی حوکمڕانی لە دادپەروەرییە، کەواتە پێویستە دادپەروەری پیادە بکرێ بە نەزەری و عەمەلی، بۆ ئەوەی کەسانێك درووست نەبن لە داخی زوڵمو ناخۆشی کوردستان بە دۆزەخ بزانن، و تەمەننای مردن بکەن، و بن بە خۆراك و داردەستی تیرۆرستە دەرەکییەکان.

أ- دادپەروەری بە نەزەری یانی حکومڕانان دەبێ بڕوایان وا بێ کە ئەوان وەکیلی خەڵکن لە تەسەڕووف کردن بە سامانو سەروەتی کوردستان، نەك خۆیان بە مالیكولمولکی کوردستان دابنێنو، وا بزانن هەموو شت ماڵی ئەوانە، و هەر شتێك بدەن بەخەڵك چاکەو پیاوەتیە، هەروەها دەبێ خەڵکەکەش بڕوای وا بێ سەروەتو سامانی کوردستان موڵکی خۆیانە، و حکومڕان وەکیلەو بەجیدی موراقەبەی بکەن، و مافی دەربڕینی گلەو گازاندەو نارەزایی هەبێ، گێی لێ ڕابگیرێو، لە گلەو گازندەکانی بکۆڵتەوە.

ب- دادپەروەری بەعەمەلی ئەوەیە:

١- حوكمڕانان هەموو كەس بەیەك چاو سەیر بكەن، نابی فەرمانبەرێك لە هەولێر مووچەی لەفەرمانبەرێكی هاوتای خۆی كەمتر بێ، چونكە حیزبی نییە، یا موچەی لە فەرمانبەرێكی هاوتای خۆی كەمتر بێ لە سلێمانی یا لە دهۆك.
٢- نابێ ڕێگا بدری بەرپرسو كار بەدەستان تیجارەت بەسولتەی خۆیان بكەن، و ئیستغلالی هێزی خۆیان بكەن بۆ ماڵ پەیدا كردنو چەوساندنەوەی خەڵك، ئەگەر وەزیرێك مانگانە دوو ئەوەندەی مەعاشەكەی خۆی سەرف بكات، یان هەرماوەیەك نا ماوەیەك خانووەك بكڕی، یا سەیارە بكڕی دەبی لێی بپرسرێ ئەوەت لەكێ هینا.
٣- دەبی زاهیرەی ڕەشوەت و خزم خزمانێ و حیزب حیزبانێ لەكاتی ئەنجامدانی ئیشو كاری هاولاتیان لە دەزگای حكومەت قەدەغە بكرێ، و ئەوانەی ئەو جۆرە رەفتارە بكەن دەبێ بەتوندی سزا بدرین.
٤- هەروەها پێویستە حكومەت جموجۆڵێكی بنیاتنانەوەی ئابوری لە كوردستان دەست پێبكات هەموو سەرمایەدارەكان ماڵەكانیان بە گڕ بێخەن، بۆ ئەوەی كەس بێكار نەبیو، لە هەمان كات سەنعەتو تیجارەتو زراعەت پێشكەویت، تا خەڵك هەست بەرفاهیەت بكەن.
٥- مەرجەعیەتی ئایینی لە كوردستان درووست بكرێ،

بەکردنەوەی چەند کۆلیژێکی شەریعە لە شارەکانی کوردستان، هەموشیان سەرپەرشتیان بکرێ لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر لە بواری ئایینی وسیاسی بە گێرەی مەنهەجێکی پوختو رەوان تا بتوانین جێگا دابین بکەین بۆ ئەو کەسانەی حەز لە خوێندنی ئیسلامی دەکەن، وناچار نەبن بچنە دەرەوەی کوردستان بۆ خوێندنو بارودۆخی نالەبار تووشی ئەفکاری خراپیان بکات.

# حوکمی کرداری خۆ تەقاندنەوە[2]

## ڕۆنکردنەوە:

هەندێ لە بزوتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکان هەڵدەستن بە ئامادەکردنی ئەندامێکی خۆیان بە بەستانەوەی قومبەلە لە لاشەی خۆیو پاشان دەینێرن بۆ جێگایەکی دیاری کراو لەوێ قومبەلەکە دەتەقێنیتەوە، وە دەبێتە هۆی کوژرانی خۆیو ئەو کەسانەی لەو جێگایە هەن، یان لەوێ تێدەپەڕن، هەندێ جار ئۆتۆمبێلەك مینڕێژ دەکەنو شۆفێرێکی خۆیان دەیباتە جێگایەکی دیاری کراو لەوێ دەیتەقێنیتەوە، خۆیو هەر کەسێك لەو جێگایە بی دەیکوژی، بەو کردەوەیە دەڵێن: کرداری جیهادی، یان کرداری ئیستیشهادی.

بەڵام نەیارەکانیان بەو کردارە دەڵێن: کرداری ئیرهابی.

جا بۆ ئەوەی حوکمی ئەو جۆرە کردارانە بزانین لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلام، پێویستە بزانین جیهاد چۆنەو شەهید کێیە؟ بۆیە ئەو باسە دەکەین بە دوو بەش: بەشی یەکەم جیهاد چۆنەو شەهید کێیە؟ بەشی دووەم حوکمی ئەو کردارانە چییە؟

---

(٢) ئەو باسە لە گۆڤاری (یاسا پارێزی) ژمارە ٨ ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی یەکەم

## جیهاد چۆنەو شەهید کێیە؟

### باسی یەکەم: جیهاد چۆنەو مەرجەکانی چییە:

**جیهاد لە زمانی عەرەبی:** واتا خۆ ماندوو کردن، یا بەکارهێنانی هەموو هێزو توانا.

**جیهاد لە زمانی شەرع:** واتا بەکارهینانی هەموو هێزو توانا لە شەڕ کردن لەگەڵ کافران بۆ سەرخستنی ئایینی ئیسلام[٣].

### مەرجەکانی جیهاد:

مەرجەکانی جیهاد دووە: نییەتی جیهاد، توانای جیهاد:

### مەرجی یەکەم: نییەت:

لەبەر ئەوەی نییەت ویستو ئارەزووکردنی شتە، ئەویش شتێکی دەروونیەو خەڵکی تر ناتوانێ بیزانێ، بەڵام شەرع چەند نیشانەیەکی بۆ داناوە، بە هۆی ئەو نیشانانە دەزاندرێ کە ئەو کەسە نییەتی جیهادە یا نییەتی شتێکی ترە، ئەو نیشانانە هەندێکیان ئەو فەرموودەیە باسی دەکات: (عن ابي موسى قال، جاء رجل الى

---

(٣) ابن حجر العسقلاني، فتح الباري، ج ٦ ص ٢.

النبي ﷺ فقال: الرجل يقاتل للمغنم، والرجل يقاتل للذكر، والرجل يقاتل ليرى مكانه، فمن في سبيل الله؟ قال: من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله)[٤] واتا پیاو هەیە شەڕ دەكات بۆ دەسكەوت، و پیاو هەیە شەڕ دەكات بۆ ئەوەی ناو دەركات بە رەشید، و هەندێ كەس شەر دەكات بۆ ئەوەی جێگای دیار بی لای سەركردەو خۆیانی لیٚ نزیك بكاتەوە، كامیان بۆ خودایە؟ پێغەمبەر فەرمووی: شەڕ كردنی ئەو كەسە بۆ خوایە كە بۆ ئەوە بێت ئایینی خوا سەركەوێ، هەروەها عەسقەلانی دەڵێ: (و زاد في رواية اعمش: ويقاتل حمية ويقاتل غضباً)[٥] (حمية) واتا شەڕ بكات لەبەر بەرژەوەندی عەشیرەتو قەوم، (غضب) یانی بۆ خۆی تورەیە لەو كافرانە لەسەر شتی تایبەتی خۆی، بۆیە شەڕ دەكات.

## مەرجی دووەم: توانای جیهاد:

توانای جیهاد بەوە دەبی كە سەركردە هەبی‌و، چەك‌و تفاقی پێویستی هەبی.

١- **هەبوونی سەركردە:** سەركردە بۆ جیهاد زۆر پێویستە چونكە ئامانجی جیهاد لابردنی خەتەری لەناوچوونی وولاتی ئیسلامە بەلای

---

(٤)البخاري في هامش فتح الباري ٦/٢١-٢٢.

(٥) فتح الباري ٦/٢٢.

حەنەفیەکان[٦] ئەوەش ئەرکی هەرە سەرەکی سەرۆکی وولاتە، بەلام ئەگەر هاتوو سەرۆکی وولاتی ئیسلام جیهادی نەکرد، ئایە دروستە بۆ خەڵك بەبێ پرسی ئەو دەست بکەن بە جیهاد؟ لێرە پێویستە بزانین سەرۆکی وولات (خلیفة) بۆ جیهاد ناکات؟ ئایە لەبەر ئەوەیە پەیمانی هەیە لەگەڵ وولاتە کافرەکانی دەوروبەری کە شەڕ نەکەن لەگەڵ یەکتر، ئەگەر لەبەر ئەو هۆیە بوو دروست نییە بۆ خەڵك جیهادیان لە دژ بکەن، چونکە شەڕ کردن لەو کاتە دەچێتە خانەی دژایەتی بۆ فەرمانو کردەوەی خەلیفەو غەدرو پەیمان شکێنی، غەدرو پەیمان شکێنی حەرامە لە ئاینی ئیسلام.

یا هۆی جیهاد نەکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیو هەست نەکردن بە ئەرکەکانی سەرشانی دەوڵەت وە خەریك بوونی بە ڕابواردن، لەو کاتە هەندێك لە زانایان دەڵێن: دروستە خەڵك بە بێ پرسی سەرۆك (خەلیفە) جیهاد بکات، ئەگەر فیتنەی لێ دروست نەبێت[٧]، کەواتە ئەگەر فیتنەی لێ دروست دەبوو لە نێوان داخوازیکەرانی جیهاد لە لایەك لە لایەن سەرۆكو دارو دەستەکەی لە لایەکی تر، ئەو کاتە جیهاد دروست نییە، هەروەها ئەگەر

---

(٦) قال في الهداية: (لأن المبيح للقتل عندنا هو الحرب... والشافعي يخالفنا ... لأن المبيح عنده الكفر) فتح القدير ٤/٢٩١.

(٧) قال في التحفة: (والبلقيني أنه لا كراهة ان فوت الاستئذان المقصود ان عطل الامام الغزو أو ظن أنه لا يأذن له أي ولم يخش منه فتنة كما هو ظاهر) ٩/ص٢٣٧.

کافرەکان لە مەملەکەتی خۆیان هیچ بەتەمای ئەوە نەبوون کە شەڕ لەگەڵ موسڵمانان بکەن، بەڵام بە هۆی ئەو جیهادە ئیستیفزاز دەبوونو پەلاماری وڵاتی ئیسلامیان دەدا لە کاتێك کە سەرۆکی وڵاتی ئیسلام بێ ئاگایەو هیچ ئامادەباشی نەکرایە لەناو خەڵك، و زیانێکی زۆر بە وڵاتی ئیسلام دەکەوت، لەو کاتانە دروست نییە جیهاد بەبێ پرسی سەرۆکی وڵات بکرێ، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی شەڕ هەڵکردن نەك جیهاد، زیانو زەرەریشی پترە لە سوودی.

٢- **ئامادەباشی:** ئامادەباشی بۆ جیهاد زۆر پێویستە، چونکە جیهاد بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێ پێویستی هەیە بە چەكو تۆشاكو پۆشاكو ئامێری گواستنەوە، چونکە ئامانجی جیهاد دوو شتە:

یەکەمیان: پاراستنی خاکی وڵاتی ئیسلامە لە داگیرکردن.

دووەمیان: گەورەکردنی وڵاتی ئیسلامە، بە داگیرکردنی خاکی وڵاتە کافرەکان.

ئەوەش پێویستی هەیە بە هێزی بەرامبەر یا پتر لە هێزی ئەوان، ئەوەش ئامادەباشی چاکی دەوێ، ئایینی ئیسلام ئایینەکی واقیعییەو بایەخ دەدات بە هێزی مادی، وەکو ژمارەی چەکدارو جۆری چەكو ڕێكو پێکی لەشکر، بۆیە ئەگەر ژمارەی لەشکری کافر پتربوو لە دوو بەرامبەری لەشکری موسڵمانان، دروستە

موسڵمانان شەڕ نەکەنو پاشەکشە بکەن[8]، هەروەها ئامادەباشیو ڕێکخستنی شەڕکەرانو هەڵبژاردنی جێگای باش دەگرێتەوە، بۆیە حەزرەتی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر گرنگی دەدا بە ڕێکخستنی شەڕکەران، و هەڵبژاردنی جێگای باش، بۆ نموونە: لە شەڕی بەدر موسڵمانەکان ڕێكو پێکتر بوونو جێگایان باشتر بوو و دەستیان بەسەر هەموو سەرچاوەکانی ئاوی بەدر داگرتبوو، بۆیە کافرەکان شکان، بەڵام لە شەڕی ئوحود کافرەکان ڕێكو پێکتر بوونو جێگایان باشتر بوو بۆیە موسڵمانەکان شکان، هەروەها لە شەڕی ئەحزاب موسڵمانان خەندەقێکیان لێداو سەپەریان دروستکرد.

کەواتە هەبوونی سەرکردەو هەبوونی چەكو تفاق مەرجە بۆ جیهاد، بەبێ ئەو مەرجە جیهاد دروست نییە، چونکە زیانی پتر دەبێت لە سوودی، تەنها لە کاتی نەفیر عام نەبی.

## حوکمی جیهاد:

لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) لەپێش بارکردنیان بۆ مەدینە دروست نەبوو شەڕ بکەن، بەڵکو لەسەریان پێویست بوو ئایینەکەی خۆیان بە خەڵك ڕابگەیێنن بە قسەو تەحەمولی ئێشو ئازار بکەن لە کافران، بەڵام لە دوای گواستنەوەو بارکردن بۆ مەدینە، خودا ڕێی پێ دان بەو مەرجەی کە کافرەکان شەڕیان پێ بفرۆشنو

(٨) قال ابن حجر: (أما اذا زادوا على المثلين فيجوز الانصراف مطلقاً)، التحفة ٢٤٣/٩.

تەشقەڵەیان پێ بکەن، پاشان دروست بوو بۆ ئەوان شەڕ بە سەر کافرەکان بسەپێنن لە هەموو کات جگە لە مانگەکانی حەرام. پاشان لە ساڵی ٨ی کۆچی جیهاد بە ڕەهایی دروست کرا و بڕیاری لەسەر درا، بوو بە (فرض الكفاية)، و هەندێك زانا دەڵێن: لە کاتی ژیانی پێغەمبەر (فرض العين) بوو لەسەر هەمووان[٩]. بەڵام پاش کۆچ کردنی پێغەمبەر (ﷺ) حوکمەکەی بە گوێرەی ئامانجەکەیە، ئامانجی جیهاد هەر وەکو ووتمان دوو شتە: یەکەمیان: فراوان کردنی دەستەڵاتی ووڵاتی ئیسلامە بە داگیر کردنی ووڵاتەکانی دەورو بەر، لەو کاتە جیهاد (فرض الكفاية)یە، واتا ئەگەر هەندێك لە موسوڵمانان لەگەڵ (خليفة) یان نێردراوانی چوونە جیهاد بەسەو، فەرزەکە لەسەر هەموویان لادەچی[١٠]، دووەمیان: پاراستنی خاکی ووڵاتی ئیسلامە. کەواتە ئەگەر کافران هێرشیان کردە ناو شارێك یا دێیەك یا چیایەك، ئەو کاتە بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە دەبێتە (فرض العين)، یانی لەسەر هەموویان جیهاد واجب دەبێت بە گوێرەی توانا، کەواتە ئەگەر توانیان سازو ئامادەبن بۆ شەڕکردن ئەبێ شەڕبکەن، بەڵام ئەگەر نەیانتوانی خۆیان ئامادەباش بکەن، چونکە دوژمن لە ناکاو بەسەریدا دابوون، ئەوە هەر کەس پێویستە بەرگری

---

(٩) ابن حجر، التحفة ٢١٢/٩.

(١٠) ابن الهمام، شرح فتح القدير ٢٧٨/٤، والزرقاني شرح مختصر خليل ١٠٧/٣.

له نەفسی خۆی بکات بە گوێرەی توانا، جا ئەو کەسانەی هەستیان بەوە دەکرد ئەگەر دوژمن بیانگری دەیان کوژی، پێویستە لەسەریان خۆ بە دەستەوە نەدەن، چونکە هەر دەکوژرێن جا بۆ بە زەلیلی بکوژرێن، بەڵام ئەوانەی هەستیان بەوە دەکرد ئەگەر کافرەکان بیانگرن نایان کوژن بەڵام ئەگەر خۆ بەدەستەوە نەدەن دەکوژرێن، ئەوانە خۆیان بەدەستەوە بدەن، بەڵام ئەگەر کەسێك هەستی دەکرد ئەگەر خۆی بە دەستەوە نەدا سەدا پەنجا دەردەچی، دیسان نابی خۆی بە دەستەوە بدات[11] کەواتە لە یەك کات بۆی دروستە خۆی بە دەستەوە بدات (استسلام) بکات، ئەویش ئەوەیە کە هەست بکات ئەگەر خۆی بە دەستەوە نەدات دەکوژرێ‌و ئەگەر خۆی بەدەستەوە بدات نایکوژن هەر تەنها بە دیلی دەیگرن، چونکە لەو کاتە ئەگەر خۆی بە دەستەوە نەدات وا دادەندرێ کە پەلە دەکات بۆ کوشتنی خۆی ئەوەش دروست نییە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ ولا تلقوا بأيديكم الى التهلكة﴾ البقرة: ١٩٥، و دەفەرموێ: ﴿ولا تقتلوا أنفسكم.﴾النساء:٢٩.

## ئەو شتانەی قەدەغەنە لە کاتی جیهاد:

١- حەرامە بە تیرو ڕمی ژەهراوی شەڕ بکرێ هەروەها حەرامە ژەهر لە خورادن‌و خواردنەوەیان بکرێ، چونکە زیانی زۆری لێ

---

(١١) ابن حجر، التحفة ٩/١٣٥-١٣٦.

دەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەوان تیری ژەهراویان ئاراستەی ئێمە کرد، ئایا دروستە ئێمەش وەڵامیان بدەینەوە بە تیری ژەهراوی؟ لێرە بەشێك لە مالیکیەکان دەڵێن: بەڵێ دروستە، بەشێکیش دەڵێن: نەخێر دروست نییە، چونکە لەوانەیە ئەگەر ئێمە ئەو چەکە بەکار نەهێنین ئەوانیش دووبارەی نەکەنەوە، ئەگەر بەکاریشی بینین ئەوان پتر بەکاری بهێننو زیانی زۆربی[١٢]، کەواتە: دەتوانین بڵێین: چەکی کیمیاوی قەدەغەیە، بە پیوان (قیاس) لەسەر تیری ژەهراوی.

٢- حەرامە لاشەی کوژراویان بشێوێندرێ یا سەری لێبکرێتەوە بۆ ئەوەی بە خەڵك نیشانبدرێ[١٣].

٣- خیانەت کردن حەرامە، واتا ئەسیری موسڵمان ئەگەر ئەمانی پێدرا لەناو کافران بەو مەرجەی هەڵنێت یا خیانەتیان لەگەڵ نەکات، نابی ماڵیان بدزێ یا بیانکوژیو هەڵبێت[١٤].

٤- ئەگەر لەناو قەلاتێك خۆیان قایم کردبوو و ژنو منداڵیان لەگەڵدا بوو، دروست نییە ئاگر لە قەلاکە بەر بدرێ تا هەموویان بسوتێن یا ئاویان بەسەردا بەر بدرێتەوە تا بخنکێن، بەلای مالیکیەکان[١٥].

---

(١٢) الزرقاني، شرح مختصر خليل ٣/١١٤.

(١٣) الزرقاني: المصدر السابق ٣/١١٥ وابن الهمام، شرح فتح القدير ٤/٢٨٩.

(١٤) الزرقاني، المصدر السابق ٣/١١٥ وابن الهمام، المصدر السابق ٤/٢٨٩.

(١٥) الزرقاني، المصدر السابق ٣/١١٣، بەلای حەنەفی دروستە، ابن الهمام نفس المصدر ٤/٢٨٦.

٥- ئەگەر ژنو منداڵیان کردبووە سەپەر، دروست نییە تیربارانیان بکەین، چونکە دەبیتە هۆی کوژرانی ژنو منداڵ، بەڵکو وازیان لێ دەهێندرێ، مەگەر مەترسی دروستکەن لەسەر لەشکری ئیسلام ئەگەر وازیان لێ بهێندرێ، ئەو کاتە شەڕیان لەگەڵ دەکرێو بە گوێرەی توانا دەست لە منداڵو ژن دەپارێزرێ بە لای مەزەبی مالیکی(١٦).

٦- حەوت جۆرە کەس لە کافران دروست نییە بکوژرێن:

أ- ژن: ئەگەر شەڕ نەکات، بەڵام ئەگەر شەڕی دەکرد وەکو پیاو، ئەوە حوکمی وەکو پیاوە، ئەگەر شەڕی بە بەرد دەکرد، ئەوە لە کاتی دەست بەسەرکردنی ناکوژرێ.

٢- منداڵ: ئەگەر ئەویش شەڕی کرد حوکمی وەکو ژنە.

٣- شێت. ٤- عەقڵ تێکچوو (مەعتوە).

٥- پیرەمێردی بێ چارە. ٦- کۆرەو ئیفلیج.

٧- راهیب: ئەگەر خاوەن بیرو ڕا نەبن لە بڕیاری شەڕو ئاشتی، بەڵام ئەگەر بڕیاردەری شەڕو ئاشتی بن ئەوە حوکمیان وەکو شەڕکەرانە(١٧).

---

(١٦) الزرقاني، نفسه ٣/١١٣ بەلای حەنەفی دروستە، ابن الهمام المصدر نفسه ٤/٢٩٠-٢٩١.

(١٧) الزرقاني، نفسه ٣/١١١-١١٢ وابن الهمام، المصدر السابق ٤/٢٩٠-٢٩١.

## باسی دووەم: شەهید کێیە؟

**شەهیدان دەکرێن بە سێ بەش:** شەهید لە حوکمی دونیاو قیامەت، شەهید لە حوکمی قیامەت، بەڵام ناکۆکی هەیە لەناو زانایان کە شەهیدە یا شەهید نییە لە حوکمی دونیا، شەهید لە حوکمی قیامەت بەڵام لە حوکمی دونیا بە شەهید داناندرێ بەڕای هەمووان.

**یەکەم:** ئەو کەسەی دادەندرێ بە شەهید لە حوکمی دونیاو قیامەت، بریتیە لەو کەسەی کە دەکوژرێ لە شەڕ لەگەڵ کافران بە نیەتی بەرزکردنەوەی ئایینی ئیسلامو شەڕەکەش هەموو مەرجەکانی جیهادی لێ هاتبیتە جێ. حوکمی دونیا ئەوەیە کە پێویست بە شوشتنو نوێژ لەسەر کردنو کفن کردن ناکات، بەڵکو بە بەرگی خۆی دەنێژرێ تەنها چەكو پێداویستییەکانی شەڕی لێ دەکرێتەوە بەلای شافیعیو مالیکیو حەمبەلی[18]، حەنەفیەکان دەڵێن: ناشورێ، بەڵام کفن دەکرێو نوێژی لەسەر دەکرێ[19]. بۆ حوکمی قیامەتیش ئەوەیە کە پێغەمبەر شایەدی بۆ داوە کە دەچێتە بەهەشت هەروەها لە ڕۆژی قیامەت برینەکەی شایەدی بۆ

---

(١٨) الزرقاني، المصدر السابق ٢/١٠٩-١١٠ وابن قدامة المقدسي، الشرح الكبير مع المغني ٢/٣٣٣-٣٣٤ والخطيب، مغني المحتاج ١/٣٤٩-٣٥٠.
(١٩) ابن الهمام/ شرح فتح القدير ١/٤٧٤.

دەدات کە شەهیدە[٢٠].

**دووەم:** شەهید لە حوکمی قیامەت، بەڵام بۆ حوکمی دونیا زاناکان لەسەری کۆك نین، ئەو جۆرە شەهیدە ئەوانەن:

١- ئەو کەسەی ڕێگر بیکوژن.

٢- ئەو کەسانەی بە ناحەق بکوژرێن بە دەستی ستەمکاران.

٣- ئەو کەسانەی بکوژرێن لە بەرگری کردن لە گیان یا ماڵی خۆی یان گیان یا ماڵی خەڵکی بێچارە، ئەوە پێی دەگۆترێ بەرگری کردنی ڕێ پێ دراو (دفاع شرعي).

ئەو کوژراوانە شەهیدن لە حوکمی قیامەت، بەڵام ئایا شەهیدن لە حوکمی دونیاش، حەنەفیەکانو هەندێ حەنبەلی دەڵێن: شەهیدن لە حوکمی دونیاش بۆیە پێویست بە شوشتن ناکات[٢١]. بەڵام مالیکیەکانو شافیعیەکان دەڵێن: بە شەهید داناندرێ لە حوکمی دونیا، بەڵکو پێویستە بشوورێو نوێژی لەسەر بکرێ[٢٢].

**سێیەم:** هەندێ کەس شەهیدن تەنها لە حوکمی قیامەت، و لە حوکمی دونیا شەهید نینە، بەڵکو پێویستە بشورێنو نوێژیان لەسەر بکرێ، ئەوانە زۆرن، مالیکیەکان دەڵێن: ژمارەیان دەگاتە (٣٠) جۆر، بەڵام ئەو جۆرانەی دیارن ئەوانەن: ١- ئەوانەی بمرن بە هۆی

---

(٢٠) الخطيب، مغني المحتاج ج ٣٥٠/١.

(٢١) ابن الهمام، فتح القدير ٤٧٣/٤-٤٧٤ ابن قدامة المقدسي، المصدر السابق ٣٣٦/١. الخطيب مغني المحتاج ٣٥٠/١، والزرقاني،المصدر السابق ١٠٩/٢.

(٢٢) المصادر السابقة نفس الصفحات، والنووي، المجموع ٢٦٧/٥.

سوتان‌و خنكان، ونەخۆشی تاعون‌و نەخۆشی ژانەسك، ٢- ئەو ژنەی بە هۆی منداڵ بوون بمری، ٣- ئەو كەسەی لە غەریبی بمری، ٤- قوتابی لە كاتی خوێندن بمری، ٥- عاشقی دامەن پاك بە هۆی عیشق بمری(٢٣)، ٦- ئەوانەی دیواریان بەسەردا بەربیتەوە و بمرن، ٧-ئەوانەی ماریان پێوە بدات، یا دەعباو دڕندە بیان خوات، ٨- ئەو كەسەی لەسەر چیا بەربێتەوەو بمرێ، هەروەها هەرچی بە هۆیەكی دڵتەزێن بمری(٢٤).

هەموویان بە شەهیدی قیامەت دادەندرێن، بەڵام پلەو پایەی هەر كەسێك بە گوێرەی ناخۆشی‌و سامناكی ئەو بەڵایەیە كە پێی دەمری.

ئیمامی نەوەوی جۆرە شەهیدەكی تری باس كردووە كە شەهیدن لە حوكمی دونیادا، یانی ناشورێن‌و نوێژیان لەسەر ناكرێ، بەڵام شەهید نین لە حوكمی قیامەت، یانی خێریان نی‌یە، ئەوانە ئەو كەسانەن كە جیهاد دەكەن لەگەڵ كافران‌و لە جیهاد دەكوژرێن، بەڵام نیەتیان بۆ خوا نەبووە، بەڵكو بۆ ماڵ پەیا كردن چووە بۆ شەڕ یا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دەستكەوێ(٢٥).

---

(٢٣) الخطيب، المصدر السابق ١/٣٥٠.
(٢٤) ابن حجر العسقلاني، فتح الباري ٦/٣٢-٣٣.
(٢٥) النووي، المجموع ٥/٢٦٤.

# بەشی دووەم

## حوکمی کردەوە خۆ کوژیەکان

پاش ئەوەی کە زانیمان جیهاد چۆنەو مەرجەکانی چینە، زانیمان شەهید کێیەو چەند جۆری هەیە، دەتوانین حوکمی شەرعی ئەو کردەوە خۆ کوژیانە دیار بکەین لەو خاڵانەی خوارەوە:

**١- ئامانجی جیهاد خۆ بەکوشت دان و خەڵك کوشتن نییە**، بەڵکو بۆ سوودی ئیسلامەو ئەو سوودەش لە دوو خاڵ دەردەکەوی:

**یەکەمیان:** فراوان کردنی خاکی ئیسلامە بە داگیرکردنی خاکی وولاتە کافرەکان.

**دووەمیان:** ئازادکردنی خاکی ئیسلامە ئەگەر هاتوو وولاتی کافر داگیری کردبوو.

کەواتە دەبێ بپرسین ئایا بە هۆی ئەو کردەوە خۆکوژیانە چەند پارچە خاکی ئیسلاممان لە دەست کافران ئازاد کردییە، و چەند خاکی کافرمان داگیر کردیەو خستیتمانە سەر خاکی ئیسلام؟ وەڵام هیچ، بەڵکو ئەو جۆرە کردەوانە بوینە هۆی زیان دان لە ئیسلام وە دۆڕاندنی خاکی زیاترو گەیاندنی ئێشو ئازاری پتر بە موسڵمانان.

**٢- لەو جۆرە کردارە گیان بەخشیانە، کوژرانی خۆی مسۆگەرە**، بۆیە ئەوە دەچتە خانەی پەلە کردن لە کوژران، ئەوەش دروست

نییه[٢٦] لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن: ئیمامی حوسێن (ڕەزای خوای لەسەر) لە مەدینە هات بۆ کوفەو دەیزانی ئەوە بۆ مردن دەچی کەچی هەر چوو، وە بە ڕای تێکڕای موسڵمانان شەهیدە، کەواتە ئەوانەش بە (قیاس) لەسەر کردەوەکەی ئەو کردارەکانیان ئیستیشهادییە.

**وەڵام:** ئیمامی حوسێن نەیدەویست خۆی بە کوشتن بداتو نەی دەویست خەڵك بکوژرێ، بەڵکو قسەی حەقی دەکرد لە بەرامبەر پاشای ستەمکار (خليفة غير شرعي) ئەویش ئەوە بوو دەیگووت: خیلافەتی یەزیدی کوڕی موعاویە نا شەرعیە، لەبەر ئەو قسەیە ژیانی لە مەدینە کەوتە مەترسی، و بە ئیجتیهادی خۆی وای زانی کوفە جێگایەکی ئەمین ترە، بۆیە چوو بۆ کوفە، هەروەها کە ڕێگایان پێ گرت خۆی تەسلیم نەکرد، چونکە لەو بڕوایە بوو کە ئەگەر تەسلیم بیت هەر دەیکوژن، چونکە بڕیاری کوشتنی دراوە لە لایەن یەزید، کەواتە ئیمامی حوسێن بۆ کوشتن نەدەچوو بەڵکو بۆ ئەوە چوو کە لە کوژران قوتاربی، بەڵام دوژمن ڕێگای پێ گرتو ناچاری کرد کە شەڕ بکات بۆ بەرگری، ئەو لە شەڕی بەرگری (دفاع

---

(٢٦) قال: بدرالدين بن الجماعة: (اذا زاد عدد الكفار على ضعف عدد المسلمين مع تقاربهم في القوة والضعف... فقد قيل: لا تجوز الهزيمة، والأصح جواز ذلك... وان غلب على ظنهم الهلاك ان ثبتوا وجب الفرار حقنا لدماء المسلمين وابقاء عليهم، الا ان يكون في ثباتهم نكاية بالكفار فلا يجب الفرار) تحرير الاحكام، ص١٨٠.

شرعی) کوژرابوو، بۆیە شەهیدە، ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ کرد زاڵـمو ستەمکاربوون.

بەڵام ئەوانەی ئێستا بۆ خۆ بەکوشتن دان بە چەکی خۆیان دەچـن، لە دوو شت جیاوازن:

یەکەمیان: ئیمامی حسین بە مەبەستی خۆ بەکوشـتندان نـەچوو، بەڵکو بە مەبەستی ڕزگاربوون لە کوشتن چوو، ئەوانە بە مەبەسـتی خۆ بەکوشتن دان دەچن.

دووەم: ئیمامی حسین بە چەکی خۆی نەکوژرا، بەڵکو بـە چـەکی دوژمن شەهید کرا، ئەوانە بـە چـەکی خۆیـان دەکوژرێـن، کەواتـە کردەوەی ئەوانە قیاس ناکرێ لەسەر کردەوەی ئیمامی حسین.

**هەروەها لەوانەیە بڵێن:** سابتی کـوڕی قـەیس لـە ڕۆژی شـەڕی یەمامە، خۆی ئامادەکرد بۆ مردنو چووە نـاو کـۆڕی شـەڕکەرانو فـەرمووی: لـە سـەردەمی پێغەمبـەر(ﷺ) وەکـو ئێـوە شـەڕمان نەدەکرد، ئێوە بەرامبەرەکەی خۆتان خراپ فێر دەکەن، جا هێرشـی کردە سەر هەڵگەڕاوەکانو شەڕی کرد تا کوژرا(٢٧)، کەواتە کردەوەی

(٢٧) عن موسى بن انس قال: ذكر اليمامة، قال اتى أنس بن مـالك ثـابت بـن قيس وقد حسر عن فخذيه وهو يتحنط فقال يا عم مـا يحبسـك ان لا تجيء، قال: الان يا ابن اخي، وجعل يتحنط (يعني مـن الحنـوط) ثـم جـاء فجلس فذكر في الحديث انكشافا بالقوم، فقال هكذا عن وجوهنا نضارب بالقوم: ما هكذا كنا نفعل مع رسول الله(ﷺ) (بئس ما عـودتم اقرانكـم) البخـاري في هامش فتح الباري ج٦/ص٣٨.

ئەوانەش وەکو کردەوەی سابتی کوڕی قەیسە.

**وەڵام:** کردەوەی سابیتی کوڕی قەیس (ڕەزای خوای لێ بێ) لە دوو شت جیاوازە لەگەڵ کردەوەکانی ئێستا:

یەکەم: سابیت بەو کردەوە وای کرد لەشکری ئیسلام لە هەڵاتن گەڕانەوە بۆ شەڕو سەرکەوتن، بەڵام ئەوانەی ئێستا کردەوەکانیان نابێتە هۆی سەرکەوتن.

دووەم: سابیت بە چەکی خۆی نەکوژراو خۆشی بەتەمای ئەوە نەبوو بکوژرێ، ئەوانەی ئێستا دەزانن بە چەکی خۆیان دەکوژرێن.

**٣- مەسەلەی نییەت:** ئاخۆ ئەوانەی بەو کارانە هەڵساون تا ئێستا بە چ مەبەستێك بەو کارانە هەستاون، لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن: مەبەست شتێکی دەرۆنییە ئێمە ناتوانین بڕیاری لەسەر بدەین، ئەو قسەیە ڕاستە بەڵام هەندێ نیشانە هەیە دەبنە بەڵگە لەسەر جۆری مەبەست.

ئەو کردەوە خۆ کوژیانە کە کراون، بە زۆری لە دژی جوو و ئەمریکاو هاوپەیمانانی ئەمریکا کراون، چونکە جوو خاکی فەلەستینیان داگیر کردووەو ئەمریکاش دۆستو هاریکاریانە، لێرە دەبێ بپرسین ئایا لەسەر ئەوەیە خاکی ئیسلام داگیر کراوە یا خاکی عەرەب؟، ئەگەر بڵێن: لەسەر ئەوەیە خاکی ئیسلام داگیر کراوە بۆمان هەیە بپرسینو بڵێین: چین خاکی ئیسلام داگیر کردیە، و ئەسپانیا خاکی ئیسلامی داگیر کردیە، بۆ هەر باسی ناکەن؟ ئەگەر

بلێین: چونکە فەلەستین خاکی عەرەبە بۆیە خۆمانی بـۆ بـە کوشـت دەدەیـنو، بـا ئـەو نەتەوانـەی روسو چـین خاکیـان داگیرکردینـە ئەوانیش خۆ بە کوشتن بـدەن، ئـەوە دەردەکـەوی کـە مەبەسـتەکە نەتەوەییەو بۆیاغ کراوە بە بۆیەی ئایینی، دەچێتە ئەو خانەیەی کـە ئیمامی نەوەوی دەڵێ: شەهیدن لە حوکمی دونیا، بەڵام شەهید نـین لە حوکمی قیامەت، ئەوە ئەگەر لە شەڕی کافران بکوژرێـن، بـەڵام ئەگەر لە شـەڕی موسـڵمانان بکوژرێـن، ئـەوە خراپـترە، بۆیـە بـە بۆچوونی من ئەو شەڕەی عەرەب لەگەڵ جوو و ئەمەریکا دەیکـات بەرگی ئایینی لەبەر نەکرێ باشترە، چونکە ئەگەر بڵێین: ئێمە بە گژ ستەمکاردا دێینەوەو بـەرگری لـە مـافی خۆمـان دەکـەینو هـەر کەسێك لەسەر بەرگری لە مافی خۆی بکوژرێ شەهیدە لە حوکمـی قیامەت باشترە، بەڵام شەڕ کردن چ بۆ بەرزکردنەوەی ئـایین بـێو چ بۆ پاراستنی مافە ڕەواکانی دونیا بێ، پێویستە شەڕ کردنەکەیان بە گوێرەی بنەماکانی شەڕی شـەرعی بـێ، یـانی منـداڵو پـیرەمێرد نەکوژنو چەکی کۆکوژی بەکار نەهێنن.

# کۆتایی

پاش زانینی مەرجەکانی جیهادو شەهادەت بۆمان دەرکەوت: لە هەموو بارێك ئەو کردەوە خۆ کوژیانە دروست نینە لەبەر دوو هۆ:

**یەکەم: ڕەشە کوژییە**، چونکە هەر کەسێك لە دەورو بەری جیگای تەقینەوە بێ بەبەر دەکەوێ ئەگەر تاوانبار بێ یا بێ تاوان بیت.

**دووەم: کوژرانی خۆیان بە چەکی خۆیان مسۆگەرە**، کەواتە کوشتنەکەیان بە کردەوەی خۆیانە، ئەوەش پێچەوانەی جیهادە.

دەبێ ئەوەش بزانین کە ئێستا ئەمەریکا (دار الحرب) نییە. چونکە پەیمانی هەیە لەگەڵ زۆربەی وولاتی موسڵمانەکان، چونکە هەر وولاتێك باڵیۆزی هەبێ لە وولاتێکی تر، دەبیتە خاوەن پەیمان لەگەڵی، هەروەها خەڵکێکی زۆری موسڵمان ڤیزەو ئیقامەیان هەیە لە (ئەمریکا)، کەواتە وولاتێکی پەیمان پێدراوە (معاهد)، وولاتی پەیمان پێدراو جیهاد لە دژی ناکرێ، چونکە شەڕ لەگەڵ کردنی دەچێتە خانەی غەدرو پەیمان شکێنی، غەدرو پەیمان شکێنی حەرامە لە شەریعەتی ئیسلام.

هەروەها ئەگەر ئێمە حکومەتی (ئەمەریکا) بە (دار الحرب) دابنێین، دەبێ ئەو دەوڵەتە موسڵمانانەی یارمەتی دراوی یا چەك لە ئەمریکا وەردەگرن هەموویان بە کافر دابنێین، چونکە وولاتەکانی عەرەبی خەلیج هەمووی لە ژێر پاراستنی سەربازی ئەمریکایە،

هەروەها میسرو مەغریبو ئوردنو تورکیاو زۆر وولاتی ئیسلامی تر یارمەتی مالّی سالانە لە ئەمەریکا وەردەگرن، جا ئەگەر ئێمە ئەو هەموو خەلّکە موسلّمانەمان بە کافر دانا چیمان بۆ ئیسلام هێشتەوە. کەواتە ناچارین بلێین: ئەمەریکا دەولەتێکی خاوەن پەیمانە لەگەلّ دەولّەتە موسلّمانەکان، بۆیە بۆ دەولّەتە عارەبەکانی خەلیج دروست بوو لە سالّی ١٩٩٠-١٩٩١ داوای یارمەتیان لێکرد لە دژی ڕژێمی عیراق، و ئێستاش دروستە داوای یارمەتی لێبکەن، هەروەها بۆ غەیری عەرەبیش هەر دروستە داوای یارمەتی لە ئەمەریکا بکات لە دژی ڕژێمی عیراق، و هەموو ڕژێمە ستەمکارەکانی وەکو ئەو، کەواتە بۆ گەلی کوردستانیش دروستە داوای یارمەتی لە ئەمەریکا بکات لە دژی سەدامو ئەو هێزانەی دەیانەوێ لەناوی ببەن. کە سەلماندمان ئەمەریکا پەیماندارەو دروستە یارمەتی لێ وەربگیرێ. کەواتە هەموو کردەوەکانی خۆ تەقاندنەوە لە دژی ئەمەریکیەکان دەچێتە خانەی پەیمان شکێنی غەدر، غەدرو پەیمان شکێنی لە ئایینی ئیسلام حەرامە.

# ناوەرۆك


ئیرهاب و هۆكارەكانی ئیرهاب........................... ٤

یەكەم پێناسەی ئیرهاب .............................. ٤

هۆكارەكان ........................................ ٤

چارەسەركردنی ئیرهاب لەكوردستان ...................... ٧

چارەی ئیرهابی دەرەكی .............................. ٧

چارە كردنی دەست كێشەكانی ناو كوردستان ................ ٩

حوكمی كرداری خۆ تەقاندنەوە ........................ ١٢

بەشی یەكەم: جیهاد چۆنەو شەهید كێیە؟ ................. ١٣

باسی یەكەم: جیهاد چۆنەو مەرجەكانی چییە .............. ١٣

مەرجەكانی جیهاد................................ ١٣

مەرجی یەكەم: نییەت............................. ١٣

مەرجی دووەم: توانای جیهاد ....................... ١٤

حوكمی جیهاد .................................. ١٧

ئەو شتانەی قەدەغەنە لە كاتی جیهاد................ ١٩

باسی دووەم: شەهید كێیە؟ ......................... ٢٢

بەشی دووەم: حوكمی كردەوە خۆ كوژیەكان ................ ٢٥

كۆتایی ............................................ ٣٠

ناوەرۆك ........................................... ٣٢

ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان
(١٧٩) ساڵی ٢٠٠٤